# لەوەلامی باج و سەرانەکەی گۆران محمد دا .

ئەزمونی پەناهەندەییم لە وولاتی سوید .

باوکی لارێ

ماوەیەکە لەسەر مالپەری کوردستان نێت کەسانێکی بەناو دیموکراتخوازو رۆشنفکرو هەندەرانی لەسەنگەردان و پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی ساچمەزەنەکانیانە و لە بۆسەدان تا هەر بریارێك لە حکومەتی هەرێمەوە دەرچێت ئەوان بە کەیفی خۆیان تاوتوێ و شەن و کەوی بکەن . وەك ئەوەی ئەوانە هەر خۆیان دلسۆزو خەمخوری رەش و رووتی ئەم میللەتە بن و لە داخ و مەراقی ئەم کاولکاری و زولم و زۆرەی حکومەتی هەرێمیش وولاتیان جێ هێشتبێت ، ئەوە نیە هەر ئەو خەلکە بەناو دلسۆزەی وولات و کوردایەتی لەبەر خاتری هەلخەلەتاندنی بەپرسێکی دائرەی هجرە ئەوەی خوا پیِ ی ناخۆش بێت و ویژدان و ئەخلاق رەتیان بکەنەوە پەنای بۆ دەبەن و دەیان بیانوی نابەجێش بۆ خۆ خەلەتاندن دێننەوە .

ئەز دلنیام گەر بۆمان بلوایەو چاویکمان بە دۆسیەی پەناهەندەبی کاك گۆران محمد و هەموو ئەو گۆران محمدانەی بەهەق و بەناهەق پەلاماری حکومەتی هەرێم و دەستکەوتەکانی دەدەن و بەناوی دلسۆزیانەوە بۆ کورد و کوردستان نارەواترین تۆمەت دەدەنە پال ئەم خەلکە خۆراگرو تێکۆشەرەی وولات ، بکەوتایە ئەوسا تەواو حالی دەبوین کە بۆچی بەربونەتە گیانی ئەم نیمچە حکومەتەو بە نارەوا شوژن ئاژنی دەکەن .

کاك گۆران لە نوسینەکەی نێو مالپەری کوردستان نێت دا دەفەرموێ : " حکومەت بەم دواییانە **هەلیان کردووەتە** سەر ئەو کارمەندە کوردانەی (کە زۆرینەیان گەنجن ) و لە ئاژانسەکانی یو ئێندا کاردەکەن و داوایان لێ کردوون کە باج (سەرانە ) لەسەر موچەکانیان بدەنە حکومەت و هەر ئەوەندەش نا بەلکو دەبێ قەرزی یەك دوو سال پێشتریش بدەنەوە ئەگەریش نەیاندا ئەوا پێیان رگەیاندوون کە زیندانیی دەکرێن" . . لە برگەیەکی تری (مەقالۆکە )کەی دا گۆران دەلیت گوایە ناوێرێت ناوی ئەو کەسانە بێنێت کە ئەو زانیاری یە بەنرخەیان داوەتێ ، نەبادا حکومەتی هەرێم هەموو مووچەکەیان **لێ لووش بکەن** .

بەراستی ئەویە دارشتن و نوسین و ئەوەشە شازی رەخنە ! !

تەنکی و کەمی ئەو زانیارانەی بە گۆران گەیشتوون هێندە مایەیە سەرنجن کە نەیتوانیوە رێژەی ئەو برە پاریەش دیاری بکات کە لەو کارمەندانە داوا کراوە و چۆنیەتی خەملاندنی ئەو برە پارەیەی کە لەسەریانە بیدەن . چونکە گۆران تەنها مەبەستی بوە رەخنە بگری ، ئیدی خۆی ماندوو نەکردوە تا بەدوای راستی و دروستی بریارەکەو بری پارەی داواکراودا بچێت .

لای هەموو کەس ئاشکرایە کە هەرچی بریارێك لە دنیادا و لەنێو خودی ئەو دەولەتانەشدا کە گۆران بە بەهەشتیان دەزانێ ، دەردەچن ، ئەوا کۆمەلێك خەلك سود مەند دەبن و کەسانێکیش پێی سەغلەت دەبن . راستی و دروستی هەر بریارێك لەوەدایە کە رێژەی چەندی خەلك لەو بریارە سود مەند دەبن و چەندیش پێی تەنگاو دەبن ، با کاك گۆران بێتە وولات و راپرسی یەك لەنێو خەلکدا بکات ئەوسا بزانێت راستی ودروستی بریارەکە لە چ ئاستێکدایە .

من نامەوێت هیچ بەراوردێك لەگەل کوردستانێکی خاپورکراوو مێراتیەکی لەبەعس بەجێماودا لەگەل وولاتێکی پێش کەووتووی وەك سویددا بکەم ، بەلام راستی یەك هەیە کە لە خودی خۆم و لە نێو ووەلاتی سویددا رویداوە و دەمەوێت بۆ کاك گۆران و هەموو گۆرانەکانی تری روون بکەمەوە .

وەك هەموو پەناهەندەیەکی تر سەرەتای گوزەرانم لە سویددا لەسەر سۆشیال دەژیام و هەمولایەکیش دەزانن ژینی سەر پارەی سۆشیال چۆنەوچ مەینەتیەکی لەدوایە و برِو بیانوەکانی دائرەی سۆشیال چەندە زۆرن ، یەکێك لەو بیانوانەی بە منیان گرت ووتیان دەبێت بچیت لە دائرەی تەئمین (فۆشێکرین کاسسان ) پارەی یارمەتی کرێ خانوو وەربگریت (چونکە هەرکەس کەم دەرامەت بێت دەولەت بۆ کرێ خانوو شتێك هاوکاری دەکات ) . . . منیش بەناچاری ئەوەی ئەوان دەیانگوت جێ بەجێم کرد .

پاش تەواوکردنی زمانی سویدی بریارم دا هەرچۆنێك بێت کارێك بکەم و بەهەزار دەردە سەری کارێکم چنگ کەوت (گەرچی تەواو لە پیرۆزی کارکردن دلنیام بەلام تەنها خۆم و ئەوانەی لێمەوە نزیك بوون دەزانن چ کارێکم کردوە ) و سەرەتای مانگی 2000/8 دەستم بەکارەکەم کرد . .

. هێندەش ماندوو قەرزداری ئەو کاتانە بووم کە لەسەر سۆشیال دەژیام بۆیە زۆربەی شەممە و یەك شەممەکان (کە خەلك دەچوونە گەشت و سەیران و حەواندنەوە) چونکە پارەی پترم بۆ حساب دەکرا، من دەچومە سەرکار و بە زیادە کارم دەکرد و ئەو چوار مانگەی سالی 2000 زۆرم خۆ ماندوو کرد و زۆریشم دل بە مووچەکەم خۆش بوو کە بەکەلکی ئەوە دەهات خێزان و مال و مندالەکانمی پێ بژێنم .

سال وەرچەرخاو مانگی 4ی سالی 2001 وەك هەموو کەسێکی تری دانیشتوی سوید فۆرمی دائرەی باج (سکات)م بۆهات و پرم کردەوە .

پاش ماوەیەك دائرەی تەئمین ی سوید کردیانە سەرم تا ئەو برە پارەیەی کە لەنێوان مانگی کانونی دوهەم و مانگی ئابی سالی 2000 دا وەك یارمەتی بۆ کرێ خانوو وەرم گرتوە بۆیان بگێرمەوە چونکە سالی 2000 کارم کردووە و مووچکەشم باش بوەو یارمەتی کرێ خانوو نامگرێتەوە ! .

هەرچەندی ویستم تێیان بگەیێنم کە ئەو ماوەیەئەو یارمەتیەم دراوە من بێ کار بووم و دائرەی سۆشیال خۆیان بەزۆر منیان رەوانەی لای ئەوان کردوە و من لەماوەی ئەو سالەدا تەنها چوار مانگ کارم کردوە و خاوەن خێزانم و ئەوە ناهەقیە دەرهەقم دەکرێت، من زۆرم ووت و ئەوانیش کەمیان بیست و بەزۆری زۆردارو بەناچاری دوا کرۆنی پارەکەیان لێ سەندمەوە ، کار بەوەشەوە نەوەستا دائرەی باجی سویدیش نوقورچی خۆی لێ گرتم و ووتیان تۆ سالی پار باجت کەم داوە تەنها 30 ٪ی مووچەکەت بەلێ 30٪ مووچەکەت داوە بە باج و ئەوە کەمەو دەبێت بری 7000 حەوت هەزار کرۆنی تر بۆ دائرەی باج رەت بکەیتەوە . بەو پێ یەش هەرچی خۆشی و خۆشگوزەرانی ئەو چوار مانگەیان لێ دەرهێنامەوەو نەشمتوانی مەق بکەم و کەسیش گوێ ی لە سکالاکانم نەگرت و ووتیان ئەوە یاسایە یاسا ، دیارە ئەوان لەسەر هەق بوون و ئەوە یاسا ی ئەو وولاتەیە و هەموو کەس دەگرێتەوە .

ئیترنازانم بۆ بەشێکی کەم لەو هەقە بە حکومەتی خۆمان نەدەین ، بۆ فەرمانبەرێکی یو ئێن مووچەکەی لە دە پانزە هەزار دینار تێپەر بکات و مووچەی مهندسێکی هاورێ ی لە دەولەتدا نەگاتە 500 - 600 دینار ، گەر 5٪ ئەو موچەیەی بداتە حکومەتەکەی وولاتی خۆی (کفرو الحاد) بێت و لە ئەوروپاو ئەمەریکاو ژاپۆنەوە خەلکی پێ تەنگەتاو ببێت .

هەر بۆ دلنیایی کاك گۆران نەك تەنها فەرمانبەرەکانی یو ئێن بەلکو هەموو ئەو فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم ئەوانەی مووچەکەیان لە 1500 دینار زیاترە دەبێت 5٪ ی موچەکەیان بدەن بە دەولەت ئەوەش بریارەو دەیان و سەدانی وەك گۆرانیش پێ تەنگەتاو بێت هەر ئەبێت بیدەن ، ئەمەش یاسایەو یاساش دەبێت لەسەرو هەموانەوە بێت . بۆ هەموو ئەو گەنجانەش کە ئەو بریارە دەیانگرێتەوەو وەك کاك گۆران تەنگاو بوون منیش پێشنیارەکەی کاك گۆرانیان بۆ دووبارەدەکەمەوە کە رووەو بەهەشتەکەی لای گۆران هەلێن و لەوێ لەنێو مێرگو گولزار و پەریەکانی ئەویدا ژین بەسەر بەرن و فلسێکیش باج بەکەس نەدەن .

بەگۆرانیش دەلێم ئاسودەو بێ خەم بە پارەی ئەو (سەرانە)یەی خۆت گوتەنی لەوان دەسەندرێت بەدلی تۆ سەرف دەکرێت .

شاعیرێکی عەرەب دەلێت :

ان كنت تنهى عن شيء و تاتي بمثله

عار عليك اذا فعلت عظيم

بەواتای : تۆ بۆخۆت رەخنە لەکارێك دەگریت و خۆشت هەمان کار دەکەیت ئەوە گەورەترین شەرمە بۆت گەرچی کاری زۆر مەزنیش بکەیت .